

راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشەی ئاوەڕۆ لە گەرمیان

## پێشەکی:

یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕوی شارەوانیەکان لە گەرمیان بوەتەوە گرفتی ئاوەڕۆی بەشێک لە گەڕەکەکانی سنورەکەیە لەگەڵ نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس کە بوە بە کێشەیەکی گەورە بۆ هاوڵاتیان. سنوری گەرمیان خۆی لە ١٣ شارەوانی دەبینێتەوە، لەم ڕاپۆرتەدا لەسەر قەبارەی کێشەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکان و هۆکاری کارنەکردن لەسەریان و نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس دەوەستین.

# بەشی یەکەم: کێشەکانی ئاوەڕۆی شارەوانیەکانی گەرمیان

## یەکەم: شارەوانی قەزای کەلار

### ١. شێوازی ئاوەڕۆی کەلار

جیاواز لە شارەوانیەکانی دیکەی سنوری گەرمیان قەزای کەلار گرفتی ئاوەڕۆی ماڵانی نیە، ئەوەی گرفتە کۆنی ئاوەڕۆی هەندێک گەڕەکە کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، قەزای کەلاریش بە پرۆژەکانی نیشتەجێبونەوە تاوەکو ساڵی داهاتو دەگاتە ٥٢ گەڕەک.

بەپێی وتەی بەشێک لە دانیشتوانی گەڕەکەکانی قەزای کەلار گرفتی ئاوەڕۆی ماڵانیان نیە ئەوەی گرفتە نەبونی دەرەچەیەکی دروستە بۆ ئاوەڕۆ سندوقیەکان کە وایکردوە ئاو لە گەڕەکەکانیان کۆببێتەوە لە کاتی باراندا.

ڕەئوف حەمە ئەمین، دانیشتوی گەڕەکی مامۆستایان لە قەزای کەلار، دەڵێت: ئاوەڕۆ سنوقیەکان لە نێو گەڕەکەکان دەرەچی چونە ژورەوەی ئاوی نیە ئەمەش وایکردوە لە کاتی بونی باراندا ئاوێکی زۆر کۆببێتەوە لە نێو گەڕەکەمان، بۆیە ناچارین خۆمان دەرەچەیەکی بچوکمان بۆ کردوەتەوە ئەمەش وایکردوە بۆن بێتە دەرەوە.

هاوکات، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، لەمبارەیەوە هێما بۆ ئەوە دەکات: بە کۆی گشتی قەزای کەلار یەکێکە لەو شارانەی کە گرفتی ئاوەڕۆی ماڵانی نیە و هەمو ئەو گەڕەکانەی کە نەخشەی پەسەندکراویان هەیە هەمویان ئاوەڕۆیان هەیە کە تاوەکو ساڵی داهاتو قەزاکە خۆی لە ٥٢ گەڕەک دەبینێتەوە بە پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە کە پێشتر تەنها ٣٢ گەڕەک بوین.

دەشڵێت: لە ئێستادا تەنها ٢ گەڕەکمان هەیە کە بە زیادەڕەوی دروستکراون و کار لەسەر نەخشەکانیان کراوە ئەویش گەڕەکی حەمرین و گەڕکی حاجی محێدینە کە گەڕەکی بچوکن و ئاوەڕۆیان نیە، ئەگەرچی بەشێکی گەڕەکی حەمرینیش ئاوەڕۆی هەیە.

بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار کار لەسەر ئەو ٢ گەڕەکەش کراوە کە ئاوەڕۆیان بۆبکرێت، وەک خۆی دەڵێت کار لەسەر نەخشەکانیان کراوە ئەم ٢ گەڕەکە دەبێت بە کۆتا گەڕەک کە گرفتی ئاوەڕۆیان هەبێت.

### ٢. گرفتی نۆژەنکردنەوە

«لە قەزای کەلار وەک نۆژەنکردنەوە ٢ گەڕەکمان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە ئەوانیش گەڕەکەکانی فەرمانبەران و بنگردن، چونکە ئەم گەڕەکانی کۆنن و ئاوەڕۆکانیان بۆ ساڵانی هەشت و نەوەتەکان دەگەڕێتەوە کە تیرەی ئاوەڕۆکەی کۆن و بچوکن»، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار وای وت.

وتیشی: بۆ گەڕەکی فەرمانبەران چەند جارێک بانگەوازی بۆ کراوە و کەس نەیگرتوە تاوەکو ئێستا، چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا خۆمان ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش دەرخستەی بۆ ئامادەکراوە و پێویستی بە ٨٠٠ ملیۆن دینارە.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆ گەڕەکی بنگردیش پێویستی زۆری بە نۆژەنکردنەوە هەیە و کاری لەسەر کراوە ساڵی ئایندە دەرخستەی بۆ ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین.

## ٣. گرفتی نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس لە قەزای کەلار

هاوڵاتیانی قەزای کەلار و دەوروبەری گازندەی ئەوە دەکەن کە نەبونی یەکەی چارەسەر بۆ ئاوی قورس کێشەی بۆ دروست کردون بەتایبەت بۆ پرۆژە کشتوکاڵیەکان ئەمە وایکردوە کێشە بۆ بەرهەمەکانیان دروست بکات.

ئازاد محەمەد، دانیشتوی پرۆژەی نیشتەجێبونی بامۆک لە قەزای کەلار دەڵێت: ئاوەڕۆی کۆی ئەو پرۆژانە کە لەو سنورە دروستکراون چارەسەرنەکراون، ئەوەی هەیە چاڵێکی گەورەیە و ئاوەڕۆکان دەڕژێتە ناو ئەو چاڵە، ئەمەش کێشەیە بۆ ئێمە و بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە بەتایبەت لە وەرزی هاوین کە کێشەی بۆ دروست کردوین.

وتیشی: چەندینجار داوامان کردوە کە چارەسەر بکرێت تاوەکو ئێستا نەکراوە.

لەهەمان کاتدا نەبونی یەکەی چارەسەر تەنها کێشەی بۆ هاوڵاتیان دروست نەکردوە لە شوێنی نیشتەجێبونەکان، بەڵکو بوە بە گرفت و کێشەیەکی گەورە بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵیش.

خەسرەو محەمەد، خاوەنی پرۆژەی ماسی میران لە گوندی کەڵەشێرتەپە لە ناحیەی کۆکس لە گەرمیان وتی: لەسەر روبەری ٣٦ دۆنم زەوی کە ٥ حەوزی ماسیم هەیە، بۆ سەرچاوەی ئاوەکەی پشت بە روباری سیروان دەبەستین، بەهۆی ئەوەی ئاوڕۆی ماڵان راستەوخۆ دەڕژێتە ناو روباری سیروانەوە کە هی کەلار و گردەگۆزینە بەتایبەت ئەمە کێشەی بۆ دروست کردوین و ماسیەکانمان توشی نەخۆشی ڤایرۆس بوە.

دەشڵێت: پشکنینمان کردوە چ بۆ ئاوەکەی چ بۆ ماسیەکانمان لە کەلار و دەرەوەی گەرمیانیش بۆمان دەرکەوتوە هۆکاری بڵاوبونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی لە نێو حەوزەکانمان لەو سنورە هۆکارەکەی ئاوەڕۆی ماڵانە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: دوای چەندن گلەی و گازندە ئێستا بەشێک لە ئاوەڕۆکە لابراوە و لە ٥٠٪ کێشەکەمان کەمبوەتەوە وەک نەخۆشی، بەڵام گرنگە ئەو کێشەیە بنبڕبکرێت و چارەسەربکرێت، چونکە نەک بۆ ماسیەکانمان، بەڵکو کێشەی تەندروستیش بۆ هاوڵاتیان دروست دەکات.

لە بەرامبەردا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار لەمبارەیەوە هێما بۆ ئەوە دەکات: لە یەک دو هەفتەی رابردو کۆبونەوەیەکمان کرد لە ئیدارەی گەرمیان کە کار لەسەر یەکەی چارەسەری ئاوی قورس بکرێت لە گەرمیان بەگشتی و بەتایبەت کەلار، چونکە بەردەوام شار لە فراوانبونە و زەوی فەرمانبەران و زیندانیانی سیاسیشی بەسەردا هاتوە هەمو ئەمانە پێویستی بە ئاوەڕۆیە.

وتیشی: لیژنەیەک لە ئیدارەی گەرمیان کە لە لایەنە پەوەندیدارەکان پێکهاتوە و بڕیارمانداوە یەکەی چارەسەری ئاوی قورسی کەلار دابنرێت، لەبەر ئەوەی ناکرێت گەڕەک بە گەڕەک یاخود پرۆژەکانی نیشتەجێبون بە جیا و گەڕەکانی کە بە جیا یەکەی چارەسەری بۆ دابنرێت.

دەشڵێت: بەهۆی ئەوەی ناتوانرێت لەلایەن شارەوانیەوە ئیدامە بدرێت بڕیارمانداوە پرۆژەکانی نیشتەجێبون و زەوی فەرمانبەران و زیندانیانی سیاسی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ دروست بکرێت، لەگەڵ تۆڕە کۆنەکەی کەلار بکرێت بەیەک و کارگەیەکی ریسایکلینی گەورە دابنرێت لە خواروی کەلارەوە و شوێنی بۆ دانراوە.

بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار، لە ئێستادا لە قۆناغی دراسەکردنی بابەتەکە و کار لەسەر ئەوە دەکرێت نەخشە و دیزاینێکی بۆ دروست بکرێت هاوکات خەمڵاندنی بۆ بکرێت کە چەندی پێویستە لەگەڵ ئەو بودجانەی کە بڕیارە لە ناو پرۆژەکان یەکەی چارەسەر دابنرێت بکرێن بەیەک و دانەیەکی گەورە بۆ قەزاکە دابنرێت.

ئەکرەم ساڵح، جەختی لەوەشکردەوە: بە دانانی ئەو یەکەی چارەسەرە، کێشەی جوتیاران و پرۆژەکانی کشتوکاڵی و قەزاکەش چارەسەر دەبێت.



جۆگەی ئاوەڕۆی پرۆژەیەکی نیشتەجێبون لە قەزای کەلار

## دووەم: شارەوانی قەزای کفری

### ١. هاوڵاتیان چی لەبارەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانیانەوە دەڵێن؟

قەزای کفری خۆی لە ١٦ گەڕەک دەبینێتەوە، یەکێک لەو گرفتانەی کە هەیەتی لە هەندێک لە گەڕەکەکان تاوەکو ئێستا کێشەی ئاوەڕۆی هەیە ئەمەش وایکردوە هاوڵاتیان نیگەرانبن.
«گەڕەکەکەی ئێمە گرفتی ئاوەڕۆمان هەیە، بەجۆرێکە هەر ماڵێکمان بۆ خۆی بیرێکی دەستی کردوە لەبەردەم ماڵەکانمان ئاوەڕۆکەمان دەڕواتە ناوی و شارەوانی دێت خاڵی ئەکات، ئەمە گرفتە بۆ ئێمە چونکە شارەوانی فریاناکەوێت و چەند ڕۆژجارێک بیرەکان پڕدەبن لەبەر ئەوەی زەوییەکەی تایەرە و ئاوەکە هەڵنامژێت». گەرمیان شوکر، دانیشتوی گەڕەکی ئەوبەری لە قەزای کفری وا دەڵێت.
وتیشی: یەکێکی دیکە لە گرفتەکان ئەوەیە مەترسی هەیە بۆ منداڵەکانمان کە بکەونە ناوییە و بخنکێن، بەتایبەت ئەو ماڵانەی کە بە کرێ لە ناو خانوەکانن سەری ئەو بیرانە بە کراوەیی دەهێڵنەوە.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەمە جگە لەوەی کە بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و کاریگەری کردوەتە سەرمان، تەنانەت لە ڕوی ژینگەیشەوە قبوڵکراونیە.
باسی لەوەشکرد: تاوەکو ئێستا حکومەت هیچی بۆ نەکردوین کە نزیکەی ١٦٠ ماڵ لەو گەڕەکەین کە بۆماوەی ١٦ ساڵە ئەوە حاڵی ئێمەیە، چەندین قایمقامیەتە بگۆڕێت تاوەکو ئێستا ئەو گرفتە چارەسەرنەکراوە، لە کاتێکدا سەردانی سەرۆکی حکومەتمان کردوە بۆ ئەو بابەتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بودجە بۆ ئاوەڕۆی ئەو گەڕەکانە خەرج کراوە کەچی هیچ نەکراوە.
سەرگوڵ ئیبراهیم، دانیشتوی گەڕەکی لەتیف هەڵمەت لە قەزای کفری وتی: بۆماوەی ٣ ساڵە نیشتەجێیی ئەم گەڕەکەین و ئاوەڕۆمان نیە، بۆ چارەسەری ئەم بابەتەش بە ناچاری چاڵمان دروست کردوە بە شۆفڵ و ئاوەکەی تێدا کۆئەبێتەوە ئەمەش مەترسیە بۆ سەر منداڵەکانمان کە دەترسین بکەونە ناویەوە.
باسی لەوەشکرد: چەندینجار وتومانە ٢٠٠ بێ یان ٣٠٠ هەزار بێت بمانکەوێت ماڵەکان ئەیدەین بەس بۆمان بکەن، لە کاتێکدا ئاوەڕۆی سەرەکی شارەکە لێمانەوە دور نیە هەر ٢٠٠ مەترێک دورە، کەچی تاوەکو ئێستا نەکراوە.
جەختی لەوەشکردەوە: چەندینجار داوامان کردوە لەگەڵ ماڵەکانی گەڕەک سودی نیە.
لە بەرامبەردا، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری باسی لەوەکرد: قەزای کفری بەکۆی گشتی خۆی لە ١٦ گەڕەک دەبینێتەوە، لەو ڕێژەیە ٣ گەڕەکمان ئاوەڕۆی نیە ئەوانیش گەڕەکەکانی (ئەوبەری، لەتیف هەڵمەت و فەرمانبەران)ـن، ئەگەرنا ٪٩٠ی گەڕەکەکانی کفری ئاوەڕۆیان هەیە.
وتیشی: ئەو گەڕەکانەی کە ئاوەڕۆیان نیە هەر ماڵێک و لە حەوشەی ماڵەکەی یاخود لە بەردەرگای خۆی بیری کردوە و ئاوەڕۆکەی دەچێتە ناوی و دواتر خۆمان دەڕۆین بۆیان پاک دەکەینەوە، لە ئێستادا تەنها ڕێگەچارە بۆ ئەو گەڕەکانە هەر ئەوەیە.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەو ٣ گەڕەکە دەرخستەمان بۆ ئامادەکردوە و بڕی بودجەکەشی خۆی لە نزیکەی ٢ ملیار دینار دەبینێتەوە بۆ ئاوەڕۆکەی، بەرزمانکردوەتەوە بۆ سەروی خۆمان و چاوەڕوانین بزانین کەی دەڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### ٢. ئاوەڕۆ قەزای کفری تاچەند پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە؟

«ئەو ١٢ گەڕەکەی قەزای کفری کە ئاوەڕۆیان هەیە هیچ پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە یان گۆڕینیان نیە، چونکە نوێن و زۆربەیان لە ساڵی ٢٠٠٩ دروستکراون، بۆیە ئەولەویەتی کاری ئێمە لە ئێستادا کارکردنە لەسەر دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ ئەو ئەو ٣ گەڕەکەی کە نوێن و لە ناو قەیرانی دارایی دروستبون و ئاوەڕۆیان نیە». عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری باسی لەوەکرد.

### ٣. نەبونی یەکەی چارەسەر لە قەزای کفری

«تاوەکو ئێستا حکومەت ئاوەڕۆی گەڕەکەکەی بۆ نەکردوین یەکەی چارەسەر چۆن دەکرێت هەر ناکرێت، ئێمە بەبۆنەی ئەوەی ئاوەڕۆمان نیە و ئەو هەمو پیسیە کۆئەبێتەوە لە چاڵێکدا هەموی بوەتە سیانکا و بۆنێکی زۆر پیسی هەیە ئەمە جگە لەوەی چەندین حەشەرەی وەک ڕەسق و مشک و مێشولە دروست بوە بەهۆی ئەوە، چونکە ئاوەکە زەویەکەی ئەیمژێت و پیسیەکەی ئەمێنێتەوە». سەرگوڵ ئیبراهیم، دانیشتوی گەڕەکی لەتیف هەڵمەت لە قەزای کفری وای وت.
سەرۆکی شارەوانی قەزاکەش دەڵێت: دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ تێچویەکی زۆری ئەوێت و حکومەت لە توانایدا نیە.
عەلی خورشید، وتیشی: لە دو دەرەچەوە ئاوەڕۆی قەزای کفری دەچێتە دەرەوە و ڕێڕەوی دەرەچەیەکیان دەڕژێتە ناو چەمی قەزای کفری لەگەڵ باراناو پاک دەبێتەوە، بەڵام یەکێکی دیکە لە ڕێڕەوەکانی ئاوەڕۆ دەڕژێتە سەروی گوندی کارێز کە ئەمەش کێشەیە و پێویستی بە یەکەی چارەسەرە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو گرفتە چارەسەر بکەین.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: دانانی یەکەی چارەسەریش تێچویەکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی بتوانین ئاوەڕۆی تەواوی قەزاکە بکەین بەیەک و یەک یەکەی چارەسەری بۆ دابنرێت، ئەو بڕە بودجەشی کە پێویستیەتی ناگاتە ٢٠ ملیار دینار بەپێی ئەو خەمڵاندنەی کە کراوە، بۆ ئەمەش دەبێت کۆمپانیا جێبەجێی بکات حکومەت ناتوانێت ئەوەبکات لە ئێستادا.
دەشڵێت: بۆ ئەو بابەتە داوامان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکانی هەرێم کرد لە هەولێر، دراسەتی ئەو بابەتەیان کردوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە.

# سێیەم: شارەوانی ناحیەی رزگاریی

## ١. وتەی هاوڵاتیان لەبارەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانیان

شارەوانی ناحیەی رزگاری یەکێکی دیکەیە لە شارەوانیەکانی سنوری گەرمیان کە خۆی لە ١٥ گەڕەک دەبینێتەوە هاوشێوەی شارەوانیەکانی دیکە گرفتی نەبونی ئاوەڕۆی ماڵان و یەکەی چارەسەری ئاوی قورسی هەیە.
هاوشێوەی شارەوانیەکانی تری گەرمیان هەندێک لە گەڕەکەکانی ناحیەی رزگاریش گرفتی ئاوەڕۆیان هەیە هاوڵاتیانیش نیگەرانن لە دۆخەکە، هاوڵاتیەک دەڵێت: بەشێکیمان لەسەر حسابی خۆمان ئاوەڕۆمان بۆ کردوە.
ئەحمەد محەمەد، دانیشتوی گەڕەکی ئاوباریک لە ناحیەی رزگاریی، وتی: وەک دانیشتوانی گەڕەکەکەمان هەمیشە گلەی ئەوەمان هەبوە کە ئاوەڕۆمان بۆ نەکراوە، ئەوەشی کە هەیە چەند کۆڵانێک هاوڵاتیان لەسەر حساب خۆیان کردویانە لە کاتێکدا دەبێت شارەوانی ئەوەبکات.
وتیشی: لە کاتی هاویناندا بەتایبەت بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی.
دەشڵێت: هیچ لایەنێکی پەیوەندیداریش خەمی ئەم بابەتەی نەخواردوە و هەمیشە بە بیانوی نەبونی بودجە کە بەردەستیان نیە هیچ کارێک نەکراوە بۆ ئەم بابەتە، بۆیە داوا دەکەین بۆمان چارەسەر بکرێت.
«ناحیەی رزگاری خۆی لە ١٥ گەڕەک دەبینێتەوە، لە کۆی ئەم گەڕەکانە سەنگاویەکان بەگشتی ئاوەڕۆی نیە و لە هەندێک گەڕەکیش هەیە بەشێکی ئاوەڕۆکەی بە جێماوە». ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاریی وای وت.
دەشڵێت: گەڕەکی سەنگاویەکان لە بودجەی ٢٠٢٤ داخڵ کراوە و هەر چاوەڕوانین بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا یەکلانەبوینەتەوە کاری لەسەر بکرێت و بودجەکەشی نزیکەی ١ ملیار دینارە.
لەبارەی گەڕەکەکانی دیکە کە ئاوەڕۆیان بەجێماوە، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری جەختی لەوەشکردەوە: هەوڵدەدەین ئەو گەڕەکانەش کاری لەسەربکەین.

## ٢. گرفتی نۆژەنکردنەوەی ئاوەڕۆکان

سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاری جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، گەڕەکەکانی ناحیەکە ئاوڕۆکانیان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە یان گۆڕینیان نیە، وەک خۆی دەڵێت: لەبەرئەوەی نوێن.
ئەرسەلان ئەحمەد، وتیشی: هیچ گەڕەکێکمان نیە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبێت، چونکە زۆرنین دروستکراون و بەلای کەمەوە ٣٠ ساڵ ئەتوانێت بەردەوامی هەبێت و گرفتی نیە.

## ٣. هاوڵاتیەک: بۆنی ئاوەڕۆی ماڵان بێزاری کردوین

لە کۆی شارەوانیەکانی گەرمیان یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ بونی نیە یەکێک لەو شارەوانیانەش ناحیەی رزگارییە، بەشێکی هاوڵاتیان دەڵێن بۆنی ئاوەڕۆی ناحیەکە بێزاری کردوین، سەرۆکی شارەوانیش دەڵێت: دانانی یەکەی چارەسەر بودجەیەکی زۆری دەوێت.
بەختیار رەئوف، دانیشتوی گەڕەکی ئاوباری لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: یەکێک لەو گرفتانەی کە هەمانە و روبەڕومان بوەتەوە دەرەچەی ئاوەڕۆی ناحیەی رزگاری زۆر درونەخراوەتەوە و کیلۆمەترێک نابێت تەنها خراوەتە ئەو بەری جادەکەوە.
وتیشی: ئەوە زۆر کێشەیە بۆ ئێمە بۆنێکی زۆر پیس دەگەڕێتەوە بەتایبەت لە وەرزی هاوین زیاترە و بوەتە هۆی دروستبونی مێشولە و چەندین حەشەراتی دیکە، ئەمە جگە لەوەی کە بە جادەکە تێدەپەڕیت بۆنێکی زۆر ناخۆش دێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەتیشەوە.
لەبارەی ئەوەی تا چەند سەردانی حکومەتیان کردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، ئەو هاوڵاتیە جەختی لەوەشکردەوە: پێش ٢ ساڵ لەگەڵ بەڕێوبەری ناحیە و شارەوانی ناحیەش دانیشتین یەکێک لەو گرفتانەی کە باسمان کرد ئەم بابەتەبو، بەڵام تاوەکو ئێستا چارەسەرنەکراوە، لە کاتێکدا چارەسەرکردنی زۆر ئاسانە و دەکرێت بە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان ئەوە بکرێت و دروبخرێتەوە لە ناحیەکە، چونکە شاری شکۆ بۆ خۆی لە تەنیشتیەتی و لە داهاتو دەبێت بە کێشە بۆ ئەو ماڵانەش.
لە بەرامبەردا، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاریی دەڵێت: نەک لە گەرمیان لە تەواوی کوردستان نەبونی یەکەی چارەسەر بوە بە کێشەیەکی گەورە لە ئێستادا، وەک ناحیەی رزگاری بەدەرنین لەو بابەتە و ناحیەکە ٣ دەرەچەی هەیە کە ئاوەڕۆی ماڵان لێوەی دەڕژێتە ناو چەمەکان، ئەمەش یەکێکی ترە لە گرفتەکانی ئێمە کە بەهۆی کەمی بودجەوە کاتی خۆی نەتوانراوە زۆر دوربخرێتەوە لە ناحیەکە کەوتوە ئەوبەری جادەکەوە.
وتیشی: بۆیە دۆخی ناحیەی رزگاریی لەو روەوە خراپە، ئەگەر بتەوێت چارەسەرێکی ئەندازیاریی بۆ بکەی ئەوە دەبێت هەر سێ دەرەچەکە ببەستی بەیەکەوە و بەلای کەمەوە کیلۆمەترێک لە ناحیەکە دوربخرێتەوە و دواتر یەکەیەکی چارەسەری بۆ دابنرێت کە ئەمەش بودجەیەکی زۆری پێویستە و لە توانای شارەوانیدا نیە و دراسەیەکی باشی دەوێت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەم گرفتە لە نێو پرۆژە نیشتەجێبونەکانیش هەیە ئەگەرچی وەبەرهێنان لەگەڵ ژینگەدا رێکەوتون کە ئەو پرۆژانە یەکەی چارەسەری خۆی هەبێت، بەڵام میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ شارەوانی قورس دەبێت، چونکە پێویستی بە ستاف و بودجەشە، لەبەر ئەوەی کۆمپانیا تا ساڵێک دەتوانێت سیانەی بکات دوای ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانی کە ناتوانین ئیدامەی بدەین بەو دۆخەوە، بۆیە ئەگەر ئەو یەکەیش پەکی بکەوێ کارەسات دەخوڵقێنێ.

## چوارەم: شارەوانیەکانی تری گەرمیان

ناحیە و شارەدێکان، هەریەکەیان بەجۆرێک کێشەی ئاوەڕۆی هەیە.

سەیوان مەحمود، دانیشتوی گەڕەکی کوردستان ناحیەی باوەنور لە گەرمیان دەڵێت: گرفتی ئاوەڕی ماڵان لە گەڕەکەکانی باوەنور نیە، ئەوەی گرفتە ئەوەیە کە ڕێڕەوی ئاوەڕۆکان کە نزیکەی ٥ ڕێڕەوە لە ناحیەکە زۆر دور نەخراونەتەوە ئەمەش لە وەرزی هاوین بەتایبەت بۆن دەگەڕێنەوە بۆ دانیشتوانەکەی، بەتایبەت دانیشتوانی گەڕەکەکانی سیروان و ئاشتی، چونکە لە ئەوانەوە زۆر نزیکن.

لە شارەدێی گردەگۆزینەش، هاوڵاتیان ناچاربون لەبەردەم ماڵەکانی خۆیان چاڵدروست بکەین بۆئەوەی ئاوەڕۆکەیان بڕژێتە ناوی.

ئەحمەد عەزیز، دانیشتوی گەڕەکی نەورۆز لە گردەگۆزینە دەڵێت: گەڕەکەکەی ئێمە ئاوەڕۆی ماڵانی نیە و بوە بە کێشە بۆمان، بەجۆرێک کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردوین لە نێوان دراوسێکاندا، ناچاربونین پارەیەکی زۆرمانداوە و چاڵمانکردوە لە بەردەم ماڵەکانی خۆمان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەمەجگە لەوەی ئەو چاڵانەی کە کردومانە نزیکە لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەمان کە پشت بە بیر دەبەستین ماڵی واهەیە ١٠ مەتر لێوەی دورە، ئەمەش یەکێکی ترە لە کێشەکەمان.

لەبەرامبەردا، کەمال عەلی، سەرۆکی شارەوانی گردنەگۆزینە لە گەرمیان وتی: گردەگۆزینە خۆی لە ٥ گەڕەک دەبینێتەوە، کۆی گەڕەکەکان جگە لە گەڕەکی نەورۆز هەموی ئاوەڕۆی بۆکراوە.

دەشڵێت: گەڕەکی نەورۆز گەڕەکێکی گەورەیە و پێویستی بە زیاتر لە ٣ ملیار دینارە بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئیشی لەسەر بکەین.

باسی لەوەشکرد: لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کارمان لەسەر ئەوە کردوە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دینار ڕەزامەندیمان وەرگرتوە بۆ ئەوەی بتوانین ئاوەڕۆی گەڕەکەکان و قیرتاوکردنی هەندێک کۆڵانی پێبکەین، ئەگەرچی ئەو بڕە پارەیە کەمە و وەکپێویست نیە، بەڵام لە نەبون باشترە و هەر بەوشێوەیە جوڵە هەبێت باشترە.

نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ و ڕاستەوخۆ ڕژانی بۆ نێو ڕوبار و چەمەکان، یەکێکن لە کێشە گەورەکانی کۆی شارەوانیەکان.

سەیوان مەحمود، دانیشتوی گەڕەکی کوردستان لە ناحیەی باوەنور لە گەرمیان دەڵێت: ڕێڕەوی ئاوەڕۆی ناحیەکەمان زۆر نزیکن لە گەڕەکەکانەوە، هەروەک ڕاستەوخۆش دەڕژێتە ناو ڕوباری سیروان ئەمەش گرفتێکی دیکەیە کە کاریگەری لەسەر تەندروستی تاک هەیە لە گەرمیان بەگشتی.

ئەحمەد عەزیز، دانیشتوی گەڕەکی نەورۆز لە شاردەێی گردەگۆزینە، دەڵێت: یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕومان بوەتەوە نەبونی ئاوەڕۆی ماڵانە و دەڕژێتە سەر زەویە کشتوکاڵیەکانمان کە زەرعاتمان تیاکردوە، ئەمەش لەڕوی تەندروسیتەوە گونجاو نیە.

لەبەرامبەردا، کەمال عەلی، سەرۆکی شارەوانی گردەگۆزینە، باس لەوە دەکات: کارمان لەسەر ئەوە کردوە کە ڕاستەوخۆ ئاوەڕۆکە نەڕوات بۆ جوتیارەکان کە کاری کشتوکاڵی دەکەن و پرۆژەیان هەیە، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافی شوێنەکە وایە چارەسەرێکی نیە، ئەوەی چارەسەرە ئەوەیە دەبێت یەکەی چارەسەری بۆ دابنرێت، کەئەمەش بودجەیەکی زۆری پێویستە و حکومەت ناتوانێت بیکات، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا دەرخستەمان بۆ ئامادە نەکردوە.

«لە زۆرێک لە شارەوانیەکان تاڕادەیەکی زۆر باشە کێشەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکان چارەسەرکراوە، ڕاستە تاوەکو ئێستا هەندێک گەڕەگ گرفتیان هەیە، بەڵام بە گشتی زۆرینەی چارەسەر کراوە و گرفت نیە». بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وتی.

وتیشی: لەو گەڕەکانەی کە لە شارەوانیە جیاوازەکان هەیە و ئاوەڕۆیان نیە دەتوانرێت کاری لەسەر بکرێت لە ڕێگەی داهاتی شارەوانیەکان بێت یان بودحەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بێت یان داهاتی فرۆشتنی زەویەوە بێت، ئێستا بۆ نمونە قەزای کەلار لە ٪٩٠ی گەڕەکەکانی گرفتی ئاوەڕۆی نیە.

دەشڵێت: ئەوەی گرفتە بۆ ئێمە لە ئێستادا و کێشە گەورەکەیە نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی ماڵانە کە ئەچێتە کویَ، کە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە چارەسەر بکرێت بەجۆرێکە بەشێکیان بە شێوەی سندوقی دەرئەکرێت لە شارەوە ئەمەش جارێکی تر تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوەی و ڕوبار و چەمە وەرزیەکان دەبێت، کە ئەمەش پێچەوانەی ستانداری ژینگەی جیهانیە و نابێت ئاوەڕۆ تێکەڵ بە چەم و ڕوبارەکان بکرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆ چارەسەری ئەم بابەتە دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆیە کە پێویستە کاری جدی لەسەر بکرێت، ئەگەرچی حکومەت لە ڕوی داراییەوە توانای ئەوەی نیە لە کاتێکدا پێویستە هەر شارەوانیەک و یەکەی چارەسەری هەبێت.

لەبارەی ئەوەی تاچەند کار لەسەر ئەوەکراوە لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە کار لەسەر ئەو پرۆسەیە بکرێت، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان باسی لەوەشکرد: تاوەکو ئێستا لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە کەسێک نەهاتوە داواکارییەک پێشکەش بکات بۆ ئەو مەبەستە، حکومەتیش ناتوانێت ئەوە بکات بەپێی ئەو خەمڵاندنەی هاتوەتە بەردەستمان کە لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کراوە بۆ هەر ١ هەزار کەسێک ٢ ملیۆن دۆلاری پێویستە کە یەکەی چارەسەری بۆ دابنرێت، کە مەفروزە لە پرۆژە نیشتەجێبونەکان هەریەکەیان بۆ خۆیان جێبەجێی بکەن و ژینگەش ئەو بابەتەی پەسەند کردوە، کەچی تاوەکو ئێستا نەکراوە.

بەپێی وتەی بەرزان کەریم، ئەگەر وێنە گشتیەکەی شارەوانیەکان وەربگیرێت بۆ دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ ئەوە پێویستی بە دراسە هەیە و داتا و ئاماریان بەردەست نیە بۆ ئەو مەبەستە، هاوکات دەرخستەشیان ئامادەنەکردوە بۆ ئەو بابەتە.

سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکان لە شارەوانیەکان بە گشتی، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکان درێژەی بە وتەکانی داو وتی: لە زۆرێک لە شارەوانیەکان گرفتی کۆنی ئاوەڕۆمان هەیە، بەڵام لە ڕوی کواڵێتی و جۆری بۆریەکانەوە کە پێویستیان بە گۆڕین هەیە، ئەگەرنا وەک ماوەی ساڵانی ئاوەڕۆکان گرفتیان نیە، چونکە دابەشبونی زەوی کە ٢٠٠ مەتر دەکرێت بە ٢ بینا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە ئاوەڕۆکان لۆدی زۆریان لەسەربێت.

## بەشی دوەم: لێکەوتەکانی نەبونی ئاوەڕۆ لە سنوری گەرمیان

### یەکەم: تێکەڵبونی ئاوەڕۆ بە سەرچاوەی ئاو و خاک هۆکارە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی

«لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لە گەرمیان بە تایبەتی وەکو پێویست گرنگی بە بابەتی ئاوەڕۆ نەدراوە، ئەمەش بەپێی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێشێلکردنی یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە هەروەک چۆن مافی هەموو تاکێکە بڕی ئاوی پێویست وگونجاوی بۆ دابنبکرێت لەلایەن حکومەتەوە، هەروا مافی هاوڵاتیانە کە ببنە خاوەن سیستەمێکی ئاوەڕۆی چالاک کە دوریان بخاتەوە لە هەر نەخۆشیەکی نەخوازراو، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش ئەرکی حکومەتە کە هەستێ بە دروستکردنی سیستەمی ئاوەڕۆ بۆ هەمو شارەکان». د. عەبدولمتەلب رەفعەت، پسپۆری بەڕێوەبردنی ژینگە و سەرچاوەکان ئاو و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: ئەگەر لەسەر گەرمیان قسە بکەین گەورەترین گرفتە لە ئێستادا کە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، ئەوەی هەیە لە ناو گەڕەکەکان و پرۆژە نیشتەجێبونەکان تەنها سیستەمی ئاوەڕۆ رێکخراوە، ئەگەرنا فڕێدەدرێتە زەوییە کشتوکاڵییەکان یا دەشتاییەکان کە ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لە سەر خاک هەیە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی رێژەی ماددە ژەهراوییەکان ومیتاڵە قورسەکان لە خاکدا.

جەختی لەوەشکردەوە: هاوکات سەرچاوەیەکیشە بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشی جۆراوجۆر بەتایبەتی نەخۆشییە فایرۆسی وبەکتریەکان، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو پاشەڕۆیانە بەشێکیان دزە دەکەن ژێر زەوییەوە و دەبێتە هۆی پیسبونی ئاوی ژێرزەوی، ئەو ئاوەش بەکاردەهێنرێت بۆ ئاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکانیان.

باسی لەوەشکرد: ئەمەش کارێکی یەجگار مەترسیدارە، چونکە یەکێک لە پێکهاتە ترسناکەکانی پاشەڕۆ و میتاڵە قورسەکانە وەک (قورقۆشم، کادیمیۆم، جیوە، کۆبڵت، نیکڵ، زەرنیخ، ئەلەمنیۆم و...هتد) کە بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی تووشبون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی پاشەڕۆکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ وبەبێ فلتەرەیشن وپالاوتن تێکەڵ بە سەرچاوەکانی ئاو دەکرێت وەکو روبار و گۆما و وەدریاچەکان.





لەبەشێکی شارەدێی گردەگۆزینە هاوڵاتیان چاڵی قوڵ هەڵدەکەنن بۆ کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ تێیدا

## دوەم: پسپۆڕێکی تەندروستی: نابێت ئاوەڕۆی ماڵان تێکەڵ بە روبارەکان بکرێت

پسپۆڕێکی نەخۆشیە هەناوییەکان جەخت لەوەدەکاتەوە، تێکەڵکردنی ئاوەڕۆی ماڵان بە روبارەکان زۆر هەڵەیە و هۆکارە بۆ چەندین نەخۆشی، ئەمە جگە لەوەی نابێت بەکار بهێنریت بۆ سەرچاوەی ئاودانی دار و درەخت و گیانلەبەر و پەلەوەر.
د.مەسعود محەمەد ئەحمەد، دکتۆرا «بۆرد» لە نەخۆشیە هەناوییەکان، وتی: لە دونیای مۆدێرندا و لە وڵاتان دورخستنەوەی ئاوەڕۆ لە کۆمەڵگا کارێکی بنەڕەتی تەندروستی کۆمەڵگایە، چونکە کۆمەڵێک مەواد تێیدا یەک دەگرن بەیەکەوە دەبێت بە ژەهر بۆ روەک و گیانلەبەرانی دەوروبەری خۆی، ئەمەش ناڕاستەوخۆ لە رێگەی ئەو روەک و گیانلەبەرانەوە توشی ماکەکانی ئەو مادە ژەهراوییانە دەبین.
وتیشی: هاوکات کاریگەری راستەوخۆشی هەیە لەسەر تاک بەجۆرێک لە نێو ریخۆڵەی هەر هاوڵاتیەک کۆمەڵێک بەکتریا هەن کە لەگەڵ مرۆڤدا هاوژینیان هەیە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی کە جیاوازی هەیە، بۆیە کاتێک ئەو ژەهرە لە رێگەی روەک و گیانلەبەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ کاریگەری خراپی دەبێت و زیانی هەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە ساڵانە بەتایبەت لە وەرزی هاوین نەبوە حاڵەتمان نەبێت کە توشی سکچون و رشانەوە نەبوبێت کە داخڵ بە نەخۆشخانەکان کراون، کە چەندین کەس بەو هۆیەوە مردون و گورچیلەکانیان وشکبوەتەوە یان دڵیان وەستاوە و ئاو لە لەشیان کەمبوەتەوە، ئەمەش بەهۆکاری تێکەڵبونی ئاوەڕۆ بە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و بەهەمان شێوە کاریگەری هەیە.
جەختی لەوەشکردەوە: یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکان بەکارهێنانی راستەوخۆی ئاوەڕۆیە بۆ ئاودانی دار و درەخت یان بۆ گیانلەبەران و پەلەوەر و بەتایبەت سەگ، ئەمەش دیسان گرفتە و لەو رێگەیەوە مرۆڤ توشی چەندین نەخۆشی دەبێتەوە، بەهۆی بەرکەوتەیان لەگەڵیدا.
لەبارەی ئەوەی چارەسەر چیە بۆ ئەم بابەتە، ئەو پسپۆڕەی نەخۆشیە هەناوییەکان زیاتر وتی: پێویستە کارگەی ریسایکڵین و یەکەی چارەسەر بۆ ئاوەڕۆی ماڵان دابنرێت وەک چۆن لە وڵاتان دانراوە و تەنانەت سود لە ئاوەکەی وەردەگرنەوە، بۆیە زۆر هەڵەیە ئاوەڕۆ بکرێتە ناو روبارەکان، چونکە بەکاردەهێنرێت و هۆکارە بۆ چەندین نەخۆشی.

## سێیەم: وەبەرهێنانی گەرمیان: پێشوازی لە دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دەکەین

وەبەرهێنانی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە پێشوازی لە دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆی ماڵان دەکەین لە رێگەی وەبەرهێنانەوە، ئەگەرچی تاوەکو ئێستا هیچ داواکارییەکی لەوشێوەیان بۆ نەهاتوە تاوەکو کاری لەسەر بکەن.
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: تاوەکو ئێستا لە رێگەی وەبەرهێنانەوە هیچ داواکارییەک نەهاتوە بۆ دانانی کارگەی ریسایکڵین بێت یاخود یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆبێت کە پرۆژەیەکی لەوشێوەیە ئەنجامبدرێت.
دەشڵێت: هەر داواکارییەکی لەوشێوەیەمان بۆ بێت هاوکاردەبین و زۆریش مەبەستمانە پرۆژەیەکی لەوشێوەیە لە سنورەکە ئەنجامبدرێت، ئەگەر لە داهاتوشدا شوێنی بۆ دیاری بکرێت کۆمپانیاش دێتەپێشەوە و داواکاری پێشکەش دەکات، چونکە سودی دەبێت بۆی لە روی بازرگانیەوە.
لەبارەی پرۆژە نیشتەجێبونەکان لە سنوری گەرمیان کە ئەنجامدراون چی کراوە بۆ ئەوەی یەکەی چارەسەریان هەبێت تایبەت بە خۆیان، بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان وتیشی: پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەپێی یاسا و رێنماییەکان ژینگە هەریەکەیان پێویستە یەکەی چارەسەریان بۆ بکرێت، بەڵام تۆپۆگرافی ناوچەکە بەتایبەت کەلار دەبێت یەکەی چارەسەری گشتی بۆ دروست بکرێت و لەدەرەوەی قەزاکە بێت نەک بەو شێوازەی هەر پرۆژەیەک و هی خۆی هەبێت، ئەمە دەکرێت لە پرۆژە بازرگانیەکان و پیشەسازییەکان بۆ خۆیان دروستی بکەن، چونکە ئاسانترە و ئیدامەدانی کێشەی نیە.
جەختی لەوەشکردەوە: بەڵام بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبون ئیدامەدانی قورسە و لە روی مادیشەوە بارگرانی ئەبێت بۆ هاوڵاتیان، چونکە بۆ هەر مانگێک کە ئەو یەکەی چارەسەرە ئیش بکات ١٠ بۆ ١٥ هەزار لەسەر هاوڵاتیان دەکەوێت، هاوکات ئەگەر لەسەر لایەنی پەیوەندیداریش بێت بەهەمان شێوە لە روی مادیەوە ناتوانرێت ئیدامە بدرێت، بۆیە ئێشنیاری ئێمە ئەوەیە هەمو ئاوەڕۆکان بکرێت بەیەک و لە دەرەوەی قەزای کەلار یەکەیەکی تایبەت دابنرێت.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. لەسەر ئاستی گەرمیان هەمو قەزا و ناحیەکان ئاوەڕۆی سندوقیی شاراوەیان هەیە، تەنها چەند گەڕەکێکیان نەبێت کە بە کەلار و کفری پێکەوە تەنها ٥ گەڕەکیان بەبێ ئاوەڕۆی سندوقین.

٢. قەزا و ناحیەکان ئاوەڕۆی هەمو ناوچەکەیان بەهێڵێکی پێکەوەبەستراو دەڕژێتە ڕێڕەوێک و پاشان ئەم ڕێڕەوە لە دەرەچەیەک یان زیاتر لە خواروی قەزا و ناحیەکەوە دەڕژێتە روبار و چەم و گۆمەکان.

٣. هەندێک لەو گەڕەکانەی کە ئاوەڕۆیان نییە، چاڵی قوڵیان دروستکردوە لەبەردەم ماڵەکانیان و ئاوەڕۆکانی تێدا کۆدەکەنەوە هەتا پڕ دەبێت و ناوەناو شارەوانی بە تانکەری تایبەت چاڵەکان بەتاڵ دەکاتەوە.

٤. زۆرینەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی سنورەکە نوێن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە نیە، لە شوێنێکی وەکو کەلار تەنها ٢ گەڕەک هەن کە ئاوەڕۆکەیان پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە کە ئەوانیش دو لە کۆنترین گەڕەکەکانی قەزاکەن و ئەوانی دیکە پێویستیان پێی نییە.

٥. لە هیچ قەزا و ناحیەیەک چارەسەری ئاوەڕۆ ناکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی هەرەمەکی دەڕژێتە ناو روبار و چەم و گۆمەکان بەبێ فلتەر و چارەسەرکردن.

٦. نەبونی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ، لە روی ژینگەیی و تەندروستییەوە زیان و لێکەوتەی زۆری ئێستایی و داهاتوی هەیە لەسەر خەڵک و ناوچەکە، وادەکات ئەگەری پیسبونی خاک و ئاو زۆر بێت و هەروەها ساڵانەش بەردەوام پەتا و نەخۆشی جۆراوجۆر بڵاوببێتەوە.

٧. بەهۆی زۆری تێچوەکەیەوە، حکومەت رایدەگەیەنێت ناتوانێت هیچ یەکەیەک بۆ چارەسەری ئاوەڕۆی گەڕەکەمان لە هیچ ناوچەیەک دابنێت، واشدیارە هیچ پلانێکی بۆ ئەو مەبەستە نییە.

٨. پرۆژە نیشتەجێبونەکان لەسەریان کراوە بە مەرج کە یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دابنێن، بەڵام تائێستا تەنها یەک پرۆژە لەکەلار ئەو یەکەیەی داناوە و ئەویش بە تەواوی نەکەوتوەتە کار، ئەگینا پرۆژەکانی دیکە یەکەیان نییە، هەندێک لەوانە ئاوەڕۆکانیان لە چاڵی گەورە لە تەنیشت پرۆژەکەدا کۆبوەتەوە بەبێ چارەسەر.

٩. ئەگەرچی کراوە بەمەرج پرۆژەکانی نیشتەجێبون یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دابنێن، بەڵام کۆمپانیاکان دایاننەناوە و حکومەتیش هیچ لێپێچینەوەیەکی نەکردوە، تەنانەت بەڕێوبەری وەبەرهێنان باس لەوەدەکات قورسە ئەم یەکانە دابنرێت لەکاتێکدا لە پێدانی مۆڵەتەکانیان کراوە بە مەرج کە ئەو یەکانە دابنێن.

١٠. جگە لەوەی حکومەت هیچ پلانێکی نییە بۆ دانانی یەکەی چارەسەری گەورە لە قەزا و ناحیەکان، هاوکات هیچ ئاماژەیەکیش لە ئارادا نییە کە کەرتی تایبەت ئەم کارە بکات و زەمینەسازیی و داواکاری نەکراوە بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی لەمروەوە بێنە پێشەوە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. بوونی ئاوەڕۆی لە زۆربەی گەڕەکەکان، خاڵێکی ئیجابی و گەشە، هەروەک هۆکارە بۆ گەشەسەندنی سنورەکە، گرنگە بەرەوی زیاتر بەم لایەنە بدرێت و ئەو گەڕەکانەشی کە بەهەر هۆکارێک بێت ئاوەڕۆیان بۆ دروستنەکراوە، لەماوەی داهاتوودا بۆیان بکرێت و لەڕوی ئەنجامدانی پڕۆژەوە گرنگی و ئەولەویەت بەم بوارە بدرێت.

٢. گرنگە شارەوانی و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەشێوەیەکی خولیی پێداچونەوە بکەن بە ئاوەڕۆی سنورەکە و ئەو کێشانەی هەیانە هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، هەروەها بەدواداچون بکەن بۆ ناوچەکانی دیکە و سود لە ئەزمونی ناوچە و وڵاتانی تریش لەم بوارەدا ببینن.

٣. گەورەترین کێشەی پەیوەست بە ئاوەڕۆ لە گەرمیان، نەبونی یەکەی چارەسەرییە بۆ ئاوەڕۆکە، بەشێوەیەک کە ئاوەڕۆکە هەروا دەڕژێتە چەم و روبارەکانەوە بەبێ چارەسەر، ئەمەش لێکەوتەی زۆری تەندروستی و ژینگەیی هەیە. لەمڕووەوە پێویستە حکومەت جیدیی بێت و بەرنامەی هەبێت، بەوەی لەسەر ئاستی گەڕەکەکان یان لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکان، هەستێت بە دانانی پڕۆژەی چارەسەری. لەمڕووەشەوە پێویستە بۆ داهاتو ئەم کەرت و بوارە لە ئەولەویەتی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی بێت.

٤. ئەگەر گران بێت حکومەت لەم دۆخەدا خۆی پڕۆژەی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ دروستبکات، ئەوا لانیکەم دەبێت هانی کەرتی تایبەت بدات و ئاسانکاریی بۆ بکات بەمەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژە لە بواری چارەسەری ئاوەڕۆ و ئاسانکاریی بۆ بکات، یاخود لەپێدانی پڕۆژەی دیکەی وەبەرهێناندا ئاسانکاریی بکات بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری ژینگە بەگشتی و چارەسەری ئاوەڕۆدا دەستپێشخەرییان دەبێت.

٥. جێگیرکردنی مەرجی بونی یەکەی چارەسەر لە پڕۆژە تازەکانی نیشتەجێبون بڕیارێکی زۆر گرنگ و بوێرانەی حکومەت بو، گرنگە دەست بەم بڕیارەوە بگیرێت و پاشەکشەی تێدانەکرێت، نەک بەپێچەوانەوە حکومەت پاساو بۆ کۆمپانیاکان بهێنێتەوە و چاوپۆشی بکات لە دروستکردنی ئەو یەکانەدا.

٦. هەندێک لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبون تەواوبون و دانیشتوانی تێدان، بەڵام پڕۆژەی یەکەی چارەسەریان نییە و ئاوەڕۆکەیان بە تەنیشت پڕۆژەکانەوە لە چاڵ و گۆماودا هێڵراوەتەوە، گرنگە حکومەت فشار لە کۆمپانیاکان بکات بۆ زو تەواوکردنی پڕۆژەی یەکەی چارەسەریەکان و چارەسەرکردنی ئەم گرفتە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها بەرەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣ - ٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net